
# دەربارەی پەرتووکی «ئیگۆ و ئید»ی فرۆید




ژان‌میشێل کینۆدۆز

و. عەلی ئەحمەد

## دابەشکاریی نوێی دەروون: ئیگۆ، ئید و سوپەرئیگۆ

«ئیگۆ و ئید» پەرتووکێکی گرنگ و تایبەتە، چونکە تێیدا فرۆید تێهەڵکێشی ئەو گریمانانە دەکات کە لە کاتی (وەرچەرخانی ساڵانی 1920)دا پێشیخستوون. لەسەرەتاوە ئەو دەیسەلمێنێت کە مۆدێلی پێشتری دابەشکاری دەروون بەسەر نائاگایی (نەست)، پێشئاگایی و ئاگایی ــ کە لەژێر ناوی «تیۆری شوێنناسیی یەکەم» (دابەشکاری تۆپۆگرافی دەروون) ناسراوە ــ بەس نییە بۆ تێگەیشتن لە کارکردی دەزگای دەروونی و پێویستە فراوانبکرێتەوە. بە بنەماگرتنی ئەو ڕاستییەی کە لەمیانەی چارەسەری دەروونشیکارییانەدا ئیگۆی تاکەکەس ئاگاییانە بەرهەڵستی دەکات، فرۆید پەیڕەو لە دابەشکارییەکی تازەی دەزگای دەروونی بەسەر سێ بریکاردا دەکات: ئیگۆ، ئید و سوپەرئیگۆ (من، ئەو و منی باڵا) ــ ئەم مۆدێلە وەک «تیۆری شوێنناسی دووەم» ناسراوە. ئەم دوو مۆدێلە ئاڵوگۆڕێکی ناکۆک نین، بەپێچەوانەوە، یەکتری پڕدەکەنەوە، و لە ڕوانگەی جیاوازەوە وەسفی دیاردە دەروونییەکان دەکەن، وەک ئەوەی ئێمە لە ڕوانگەی شێوە، ئەندازە و نرخەوە وەسفی خانوویەک بکەین.

فرۆید زاراوەکانی ئیگۆ، ئید سوپەرئیگۆ (من، ئەو و منی باڵا) وەها پێناسەدەکات، کە هەموویان چۆنێتی ئەوەیان هەیە لە یەک کاتدا ببنە ئاگایی و نائاگایی (نەستەکی). چەمکی ئیگۆ (من) هەر لە سەرەتای لە کارەکانی فرۆیدەوە ئامادەیی هەیە، لێ ئەو ئیگۆ بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی کەسێتی ئاگایی یان خۆی تاکەکەسی دیاریبکات. لە (1923)ەوە فرۆید ئیگۆ وەک «بریکارێکی ڕێکخەر»ی دیاردە

دەروونییەکان دەبینێت کە دەبێ هەمیشە لە هەوڵدا بێت بۆ هاوسەنگی نێوان داخوازییەکانی ئید (ئەو) ـــ «کۆگای لیبیدۆ» ـــ و سوپەرئیگۆ، ئەو سوپەرئیگۆیەی کە پێشتر فرۆید بە «بریکاری ڕەخنەیی» یان «ڕەخنەی ئاگایی) ناوی‌دەهێنا. بەم جۆرە پێکدادان و تەنگەژە نائاگاییەکان، کە لە ناقبەری ئیگۆ، ئید و سوپەرئیگۆدا (بە داخوازی ناکۆکەوە) پەیدادەبن، باندۆرێکی بەردەوام لەسەر گەشەی کەسێتی دادەنێن ـــ کە ئەنجامی ململانێی نێوان هێزە جیاوازەکان و هاوسەنگییە دینامیکییەکانی نێوانیاندا دێتەکایەوە. گەر لە زاراوەکانی مۆدێلی تۆپۆگرافی یەکەمدا ئامانجی شیکاری بریتیی بێت لەوەی نائاگایی (نەست) بکرێت بە ئاگایی، ئەوا لە زاراوەکانی مۆدێلی تۆپۆگرافیای دووەم ئەم ئامانجە بەم شێوەیە خۆی دەبینێتەوە: « Wo ES war, soll Ich werden» (لەو شوێنەی ئیدــی لێ‌بێت، دەبێ ئیگۆشی لێ‌بێت).

بە گەشەدان بەو گریمانانەی لە (1921)ەوە لە پەرتووکی «سایکۆلۆجیای گرووپ و شیکاری ئیگۆ»دا خراونەتەڕوو، فرۆید ئەو بیرکردنەوەیەی لەلا درووست دەبێت کە کەسێتی و کاراکتەرەکەی ئەنجامی پرۆسەی هاوشوناسبوونن. هەر لەم دەقەدا ئەو لە یەک کاتدا وەسفی گرێی ئۆدیپ لە فۆرمە تەواو ئەرێنی و نەرێنییەکەیدا دەکات: فۆرمی ئەرێنی ئەوەیە کە تێیدا کوڕ لەگەڵ باوکی خۆیدا هاوشوناس‌دەبێت و کچۆڵەش لەگەڵ دایکی خۆیدا؛ و لە فۆرمە نەرێنییەکەشیدا هاوشوناسی ژنانەی کوڕ و هاوشوناسی پیاوانەی کچۆڵە جێی باسە ـــ بەم شێوەیە جووتڕەگەزێتی دەروونی نیشاندەدات کە تایبەتمەندیی هەموو کەسێکە. لە «ئیگۆ و ئید»دا فرۆید باوەڕی خۆی لەوێدا دەخاتەڕوو کە چۆن ململانێ

بنەڕەتییەکەی نێوان پاڵنەری ژیان و پاڵنەری مەرگ ڕۆڵی یەکلاییکەرەوە دەگێڕن. ئەمە لە شیکاری ئەو نەخۆشانە ڕووندەبێتەوە کە لەبری چاکبوونەوە، بەپێچەوانەوە خراپتر دەبن: ئەمانە ڕەفتارێک دەنوێنن کە فرۆید ناویدەنێت «کاردانەوەی نەرێنیی بەرووی چارەسەردا»: هەروەها لای کەسی مێلانخۆلیک (کەسی خەمۆک)، سوپەرئیگۆ «کولتورێکی پەتی پاڵنەری مەرگ»ـە [1]. بەهەرحاڵ سوپەرئیگۆ تەنێ بریکارێک نییە بەشێوەیەکی سادیستیانە ئازاری ئیگۆ بدات، وەک لە پاتۆلۆژیدا، چونکە لای کەسی ئاسایی ڕۆڵی سوپەرئیگۆی پۆست-ئۆدیپی بریتییە لەوەی کارکردی بەرگری و پارێزگاری بەرێگەی هاوشوناسبوونەوە لەگەڵ باوک و دایکدا جێبەجێ بکات.

١. زیگمۆند فرۆید، ئیگۆ و ئید. وەرگێڕانی شێروان ئیبراهیم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١٢ ل. ١٠٧.

# بایۆگرافیا و دیرۆک

## جۆرج گرۆدێک: پەرتووکێک دەربارەی ئەو (1923)

زاراوەی «das Es» (ئید یان ئەو) یەکەمجار لەلایەن نیتشەوە بەکارهێنراوە، پاشان گرۆدێک لە کارەکەی «پەرتووکێک دەربارەی ئەو» «Das Buch Vom Es»دا بەکاریهێناوەتەوە، کە بە چەند هەفتەیەک پێش ئەوەی بەرهەمەکەی فرۆید چاپ بێت، بڵاوبووەتەوە. گرۆدێک یەکێک بوو لە شاگرتە ئافرێنەر و بەتواناکانی فرۆید: بەڕێوەبەری کلینیک بووە لە بادێن-بادێن (Baden-Baden)؛ لە سەرەتاوە بەتوندی هێرشی دەکردە سەر دەروونشیکاری، پاشان بە تامەزرۆییەوە دەرگیری بوو. گرۆدێک خۆی وەکو «ئەنالیستێکی دڕندە» ناودەبرد؛ ئەو بۆ یەکەمجار لە کۆنگرەیەک لە لاهای لە ساڵی (1920)دا فرۆیدی ناسی. فرۆید بە چالاکی، و ئازادی بیرکردنەوەی گرۆدێک سەرسام بوو، تەنانەت گەر بیرکردنەوەکە سەیروسەمەرش بێت، هەر وەک ئەمە ڕوویدا، کاتێک لە (1921)دا گرۆدێک پەرتووکی «The Soul Seeker» بڵاوکردەوە. ئەم کارە لە فۆرمی ڕۆماندا، کە بە تەنزەوە کۆسپ و تەنگاسییەکانی دەروونشیکاری دەگێڕێتەوە، گەلەک لە خوێنەرانی وی، لە ناویشیاندا فرۆید، دڵخۆشکرد، لێ هەندێ کەس بە ناقۆڵا و نازانستی دەیانبینی. ناوداربوونی زیاتری گرۆدێک دەگەڕێتەوە بۆ «پەرتووکێک دەربارەی ئەو» کە لە ساڵی (1923)دا هاتە وەشاندن. لەم دەقەدا، ئەو توێژینەوەکانی خۆی لە بواری سایکۆسۆماتیکدا ڕادەگەیەنێت و ئید (ئەو) بە شێوەیەک وێنادەکات کە «هێزێکی نەزانراوە و جڵەوی

هەموو ڕەفتار و ڕووداوەکانی مرۆڤ دەکات. <...> مرۆڤ بەڕێگەی ئەو دەژی». هەرچەند فرۆید جیاوازتر لە گرۆدێک پێناسەی چەمکی ئید دەکات، بەڵام دانیپێدادەنێت کە گرۆدێک لەمەڕ ئەم چەمکە باندۆری لەسەر وی هەبووە. لەبەر نەبوونی وردەکاری زانستیی و هەندێ گرفتی تەکنیکی گرۆدێک ڕەخنەدەکرا، لێ ئەو بە یەکەم کەس دادەنرێت کە ماتەوزە و ئەگەری چارەسەریی دەروونشیکاری لە بواری نەخۆشییە سۆماتیک و سایکۆسۆماتییەکاندا نرخاندووە.

## فرۆید دووچاری شێرپەنجە دەبێت

فرۆید «ئیگۆ و ئید»ی لە ساڵی (1922)دا نووسیوە و لە نیسانی (1923)دا بڵاویکردۆتەوە. ئەو 67 ساڵی بوو، و ناوبانگی وی بە هەموو لایەکدا بڵاوببووەوە ــ هەرچەند زۆر حەزی بەمە نەدەکرد، چونکە لەمەڕ کارەکەی سەرێشەی دروست دەکرد. لە شوباتی (1923)دا فرۆید پەی بە گەشەیەک (زیادە) لە شەویلگەی دەبات کە تەنێ دوای دەرچوونی پەرتووکەکەی لایدەبات. ئەو وا هەستیدەکرد کە ڕەنگە ئەم لووە لووکۆپلاستیکییە گەنخوو بێت، لێ بەهۆی ترسی ئەوەی پزیشکان داوای لێ دەکەن واز لە جگەرە بێنێت، زۆر بە کەمی باسی ئەمەی دەکرد. لەبری ئەوەی ڕێنمایی لای کەسانی پسپۆڕ وەربگرێت، ئەو باوەڕی بە مارکوس هایک کرد کە نەشتەرگەرێکی لێهاتوو نەبوو. لە کاتی لابردنی لووەکە، فرۆید بەهۆی خوێنبەربوونەوە هێندەی نەما بوو بمرێت. ئەو لە ماوەی شانزە ساڵی دواتردا سی و سێ نەشتەرگەری بۆ لووکوپڵاکیا کرد. لە

(1923)دا دوای نەشتەرگەرییەکی سەرەتایی، ناچار بوو چارەسەر بە تیشک بکات؛ ئەمەش ئەنجامێکی هێندە بە ئازار بوو کە ناچار بوو شەش مانگ کار نەکات و لە ئێش و ئازارێکی مەزندا ژیان بەرێ بکات. بۆ ماوەی چەند مانگێک پزیشکەکەی و فێلیکس دۆیچ لە ترسی ئەوەی فرۆید خۆی دەکوژێت، هیچ شتێکیان دەربارەی ڕاستی شێرپەنجەی وی نەدەگووت؛ لە ڕاستیدا کەسە نزیکەکانی دەردۆری وی تەنێ لە ئەیلولی (1923)دا ئەمەیان زانی. پزیشکێکی دیکە، هانس پیخلێر ـــ پسپۆڕی نەشتەرگەری دەم و ددان، جارێکی دیکە لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا نەشتەرگەری بۆ فرۆید کردەوە؛ زیادەی نێوان دەم و بۆشای لووتی لابرد و پرۆتێزێکی قەبەی تێخست کە فرۆید بە «درِەندە» ناویدەبرد، چونکە بۆ وی ئەزموونێکی زۆر گران بوو و ئازاری دەدا. لەو کاتەوە فرۆید بە گرانی دەئاخڤی و شتی دەخوارد؛ هەروەها بە ئەستەم گوێی ڕاستی دەبیست و لە ئەنجامدا گوێی ڕاستی بە تەواوی کەڕ بوو. لەو ساتە گران و پڕ ئێشەدا ڕێگەی بە هیچ کەسێکی دیکە نەدەدا چاودێری بکات جگە لە کچەکە خۆی ئاننا.

ئێمیلیۆ رۆدریگێ (Rodriguè, 1996)، یەکێک لە ژیاننامەنووسەکانی فرۆید، سروشتی شێرپەنجەی نەخۆشییەکەی وی دەخاتە ژێر گومانێکی جدییەوە.[2] بە بۆچوونی وی، دیاگنۆستیکە سەرەتاییەکە ـــ شێرپەنجە ـــ هەڵە بووە: چونکە بەپێی نمونە سەرەتاییەکان و شیکارییە شانەزانییەکان، کە لەلایەن دکتۆر لاکاسان لە ساڵی (1939)دا لە "ئینستیتوتی کیوری" ئەنجامدراون، لە

[2] Rodrigué E. (1996), Freud. Le siècle de la psychanalyse, trad. P. Rey, Paris, Payot, 2000.

ڕاستیدا ئەم حاڵەتە پاپیلۆماتۆزێکی گەنخوو نەبووە. کەواتە شێرپەنجە ڕاستەقینەکە درەنگتر سەریهەڵداوە وەک لەوەی بیریان لێدەکردەوە، لە ئەنجامی ئەو چارەسەرە تیشکییە توونددا کە ئەو گرتیەبەر. ڕۆدرێگێ دووپاتیدەکاتەوە، کە هەڵوێستی فرۆید لە هەمبەر تەندروستی خۆی، بێگومان بەشدار بووە لە لەو هەڵە پزیشکییانەی کە یەک لە دوای یەک لەو ساڵانەدا ڕوویانداوە: «لەم پرسەدا فرۆید خۆی سوچدار بوو: ڕۆڵی وی لەم هەڵە پزیشکییەدا چ بوو؟ پەیوەندی وی بە پزیشکانەوە هەمیشە بەکێشە بووە» (هەمان سەرچاوە، ل. ٥١٤).

## <u>خوێندنەوەی دەقەکە</u>

- **بەرەو چەمکی ئیگۆ** (**من**)

لەم بەرهەمەدا بە پێشخستنی ئەو بۆچوونانەی کە لە پەرتووکی «لەودیوی پرەنسیپی چێژەوە»دا خراونەتەڕوو، فرۆید تێهەڵکێش بۆ ڕێکخستنی گشتی ئەو تیۆرییە دەروونشیکارییە دەکات کە لە بۆچوون و بیرکردنەوەی ویدا لە دوای ساڵی (1920)ەوە هاتۆتەکایەوە.

لەسەرەتاوە فرۆید ئەوە بەبیر خوێنەر دێنێتەوە کە دەروونشیکاری جیاوازی بنەڕەتیی نێوان ئاگایی و نائاگایی (نەست) دەکات بە بنەما. دەکرێت لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە بڕوانینە چەمکی نائاگایی: وەسفیی و دینامیکی. ڕوانگەی وەسفیی واتای ئەوە دەدات کە هەندێ بیرۆکە هەن هێشتا لە ئاگاییدا خۆیان نەنواندووە، لێ دەتوانن بگەنە

ئەویٚ: دەتوانین بێژین، ئەوان تا ئەو کاتە نائاگایین کە لە دۆخی متبوون(شاراوە)دا بمێننەوە. لە ڕوانگەی دینامیکییەوە، بەپێچەوانەوە، هەندێ بیرۆکە هەن، نائاگایی (نەستەکی)ن، چونکە چەپێنراون: ئەوان ناتوانن ببنە ئاگایی، چونکە هێزێکی دیکە هەیە، کە بە بەرهەڵستی (resistance) ناودەبرێت، دژی ئەمە دەوەستێتەوە. تەکنیکی دەروونشیکاری شێوازێکە بۆ ئەوەی وان بە ئاگایی بکات [بیانهێنێتە ناو ئاگاییەوە]. کەواتە ئێمە دەتوانین دوو جۆر نائاگایی (نەست) جوودابکەینەوە: نائاگایی شاراوە (متبوو)، کە لە ڕوانگەی وەسفییەوە هاوتایە لەگەڵ پێشئاگاییدا؛ و نائاگایی خۆبەخۆ یان نائاگایی دینامیکی، کە هەر ئەو شتەیە وا دەروونشیکاری پێوەی مژوول دەبێت.

ئێستا وەرن بگەڕێینەوە بۆ ئیگۆ (من). لە سەرەتاوە فرۆید پێیوابوو چەمکی ئیگۆ تەنێ ئاماژە بەو شتە دەکات کە ئاگاییانەیە؛ لێ هەر زوو تێدەگات کە ئیگۆ بەرهەڵستی ئەوەش دەکات شتی چەپێنراو بگۆڕدرێت بۆ ئاگایی. بەم شێوەیە فرۆید دەگاتە ئەنجامێک کە بەشێکی ئیگۆ بە واتا دینامیکییەکەی نائاگاییە و کاری دەروونشیکاری پێویستە بۆ ئەوەی ئەم شتە چەپێنراوە بتوانێت بەئاگابێتەوە [بێتە ناو ئاگاییەوە]. فرۆید لەو کاتەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئایدیایەی کە پێشتر لە ساڵی (1915)دا پێکیهێنابوو، بەپێی ئەمە «نەست [نائاگایی] و چەپێنراوەکان هاوتای یەک نین؛ ڕاستە هەموو چەپێنراوێک، نەستەکییە، بەڵام هەموو شتێکی نەستەکی، چەپێنراو نییە».[3] کەواتە هەرچەندە پەیوەندی نێوان ئاگایی و نائاگایی خاڵێکی

٣. زیگمۆند فرۆید. ئیگۆ و ئید. وەرگێڕانی شێروان ئیبراهیم، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢١، ل. ٤٨.

سەرەکییە لە کاری شیکاریدا، چەمکی نائاگایی بەس نییە بۆ وەسفی دەروون بەگشتی.

- **ئیگۆ و ئید (من و ئەو)**

دواتر فرۆید دەڕوانێتە پەیوەندی نێوان ئیگۆ و سیستەمێک کە درک بە هەستوسۆزەکان دەکات و ئەرکی بەئاگابوونەوەیان دەگرێتەئەستۆ؛ ئەم سیستەمە ناودەنێت درکـــئاگایی. ئەگەر لە ڕووی شوێنەوە بڕوانینە ئەم سیستەمە، ئاگایی بریتییە لەو «ڕووکارەی دەزگای دەروونیی» کە لە دەرەوە و ناوەوەی ئۆرگانیزمەوە درک بە هەستوسۆزەکان دەکات. هەستەکانی ئۆرگانەکانی بینین، بیستن و هتد لە سەرەتاوە ئاگایین؛ ئەو شتانەی کە بە پرۆسەکانی بیرکردنەوە ناودەبەین، ئەو کاتە بەڕێگەی زمانەوە بە ئاگایی دەگەن کە بەهۆی پەیوەستیان بە نواندنەوە وشەییەکانەوە شێوەی خۆیان بگۆڕن. درکە ناوەکییەکان، کە لە قووڵترین چینەکانی دەزگای دەروونندا ڕوودەدەن، بنەڕەتیتر و سەرەکیترن بەراورد بە درکە دەرەکییەکان، و بەڕێگەی هەستوسۆزەکانی چێژ/ژانەوە دەگەن بە ئاگایی.

بابەتی بەئاگابوونەوەی هەستوسۆزەکان پڕ ئاڵۆزە. فرۆید وایدادەنێت، ئێمە دەتوانین بە بنەمایەکی تەواوەتییەوە دەربارەی "هەستە نائاگاییەکان" بئاخڤین پێش ئەوەی ئەوان بگەن بە ئاگایی. لێ ئەو جیاوازیەک دەخاتە نێوان پرۆسەی بەئاگابوونەوەی ئەو بیرۆکانەی کە لە نائاگاییدالەژێر کاریگەری چەپاندندا (کە خەسڵەتی

نیورۆسیسە) ڕاگیراون، لە لایەکەوە، و پرۆسەی بەئاگابوونەوی ئەو هەست و سۆزانەی، کە بە بۆچوونی وی، ڕاستەوخۆ دەگوازرێنەوە بۆ ئاگایی، لە لایەکی دیکەوە. «جیاوازییەکە ئەوەیە، لە حاڵەتی بیرۆکە نەستەکییەکان [نائاگاییەکان]دا، پێویستە ئەڵقەکانی پەیوەندی بێتەکایەوە، پێش ئەوەی بێتەناو ئاگاییەوە؛ بەڵام لە حاڵەتی سۆزە نەستەکییەکاندا، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ دەگوازرێنەوە بۆ ئاگایی، پێویست بەوە ناکات. بەدەربڕینێکی دی <...> سۆزەکان یان ئاگاییانەن یان نەستەکی [نائاگایی]» (فرۆید، ٢٠٢١، ل. ٥٧ــــ٥٨). پێموایە لێرەدا تێبینییەک پێویستە، هەرچەندە فرۆید دەبێژێت، ئەستەمە هەستوسۆزەکان بچەپێنرێن ــ بە دیتنی وی چەپاندن میکانیزمێکی تایبەتە بۆ نیورۆس (عوساب)، ــ بەڵام ئەو زاراوەی «چەپاندن» بەکاردێنێت بۆ ئاماژەدان بە سەرکوتکردنی درکی هەستوسۆزەکان و کاریگەرییەکان؛ ئەمڕۆکە هەروەها ئێمە دەتوانین میکانیزمێکی بەرگری زیادبکەین کە خەسڵەتی نکۆڵی لە واقیعی دەروونی هەیە. لە کۆتایی ئەم بەشەدا کە تەرخانە بۆ ئیگۆ و جەستە، فرۆید ڕایدەگەیەنێت کە ئیگۆ بەرهەمی درکە جەستەییەکانە و دەکەوێتە پێگەیەکی تایبەتەوە، لە خاڵی بەیەکگەیشتنی نێوان درک و هەستوسۆزەکاندایە: «ئیگۆ، سەرەتا و پێش هەموو شتێک، ئیگۆیەکی جەستەمەندە، خۆی لە خۆیدا ڕووکار نییە، بەڵکو دەرهاوێژی ڕووکارە» (هەمان، ل. ٦٢).

بۆ تێگەیشتنی تەواوەتیی لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان ئیگۆ و پرۆسە دەروونییە جیاوازەکان، فرۆید دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی ئید کە لە "گرۆدێک"ەوە (1923) وەریگرتووە. بۆ فرۆید، ئید بریتییە لە «کۆگایەکی مەزنی لیبیدۆ [پاڵنەرەکان]» و تاسە و

جۆشوخرۆشەکان، تێیدا پرەنسیپی چێژ باڵادەستە و گوێ بە پرەنسیپی واقیع نادات. جیاواز لە گرۆدێک، فرۆید پێیوایە ئیگۆ بەشێوەیەکی ناچالاک ملکەچی هێرشەکانی ئید نابێت، بەڵکو هەوڵدەدات جڵەویان بکات، وەک ئەو سوارەی گەرەکە ئەسپەکەی خۆی کۆنترۆڵ بکات: «هاوشێوەی ئەو سوارەیە دەیەوێت بەسەر هێزی مەزنی ئەسپەکەیدا زاڵبێت، جیاوازییەکە لەوەدایە، سوارەکە هێزی مەزنی خۆی بەکاردەهێنێت، بەڵام ئیگۆ پشت بە هێزی دیکە دەبەستێت. ئەگەر درێژە بەم لێکچوواندنە بدەین، دەتوانین بڵێین، هەندێکجار سوارەکە بۆ ئەوەی ئەسپەکەی لەدەستنەدات، ناچارە ڕووبکاتە ئەو شوێنەی ئەسپەکە دەیخوازێت؛ بەهەمانشێوە، هەندێکجار ئیگۆ خواستەکانی ئید دەخاتەکار، وەک ئەوەی خواستی خۆی بێت» (ل. ٦١).

## • سوپەرئیگۆ (یان ئیگۆ ئایدیاڵ)

دیاردەیەکی دیکەش هەیە لە نائاگایی (نەست)ـەوە دێت؛ ئەمەش هەستکردنی نائاگایی بە گوناهە، کە لای گەلەک کەسانی نیورۆتیک لە فۆرمی خۆ-سەرزەنشتکردنی لەڕادەبەدەر و ئازاری ویژدانی تووندا تێبینیدەکەین. فرۆید ئەم بریکارە تایبەتە بە ئیگۆ ئایدیاڵ یان سوپەرئیگۆ ناودەبات، کە دەکەوێتە پێکدادانەوە لەگەڵ ئیگۆدا.

کەواتە سەرچاوەی ئەم دوو بریکارە ــ ئیگۆ و ئیگۆ ئایدیاڵ یان سوپەرئیگۆ لەکوێوە هەڵدەقوڵێت؟ فرۆید ئەو گریمانەیە پێشدەخات کە ئەوان لەسەر پرۆسەکانی هاوشوناسبوون دامەزراون؛ لەو ڕوانگەشەوە دەتوانین دوو جۆر هاوشوناسبوون دیاربکەین. لە

سەرەتای ژیاندا، وەک ئەو لە کارەکەی «سایکۆلۆجیای گرووپ و شیکاری ئیگۆ» (1921)دا نیشانیداوە، ئەستەمە هاوشوناسبوون لە خەرجەوزە (بارگەوزە)ی ئوبێکت (object-cathexis) جیابکەینەوە، چونکە «خۆشویستی ئوبێکت» هەمان شتە [هاوتایە] لەگەڵ «بوون بە ئوبێکت»دا. بەواتایەکی دی، هاوشوناسبوونە سەرەتاییەکان هاوشوناسبوونی نارسیستیین، کە تێیدا ئوبێکتی سێکسیی لە ئیگۆدا ناونشین دەبێت ــ هەر وەک ئەوەی بەپێی میکانیزمی ناوهاوێژی مێلانخۆلی ڕوودەدات: «دەتوانین بڵێین، خەسڵەتەکانی ئیگۆ بەرهەمی خەرجەوزە لەسەر ئوبێکتەکان [بارگەوزەی ئوبێکت]ی پێشووە، هەروەها مێژووی هەڵبژاردنی ئوبێکتی پێشووتر لەخۆدەگرێت» (ل. ٦٨). ئەم هاوشوناسبوونە سەرەتاییانە وەک بریکارێکی تایبەت لە ئیگۆدا کاردەکەن، و وەک سوپەرئیگۆ یان ئیگۆ ئایدیاڵ دژی ئیگۆ دەوەستنەوە. کاتێک ئیگۆ بەهێزتر دەبێت، فۆرمێکی زیاتر گەشەکردووی هاوشوناسبوون دەردەکەوێت؛ ئیگۆ سەرکوتوو دەبێت لە جیاکردنەوەی خۆشەویستی (عەشق) و هاوشوناسبوون و توانای دەبێت دەستبەردای ئامانجە سێکسییەکان بێت و ئوبێکتە ئۆدیپییەکانی خۆی بگۆڕێت بۆ لیبیدۆی نارسیسیتیی بڵندبوونەوە، وەک پێشتر خۆی لەگەڵ هەندێ خەسڵەتی کەسێتیدا هاوشوناس بکات. «کاتێک ئیگۆ سیفەتەکانی ئوبێکت وەردەگرێت، دەتوانین بڵێین، خۆی وەک ئوبێکتی عەشق بەسەر ئیددا دەسەپێنێت؛ هەوڵدەدات لەدەستدانی ئوبێکت بۆ ئید قەرەبوو بکاتەوە، بەوەی: "بڕوانە، دەتوانیت منت خۆشبوێت، زۆر لە ئوبێکت دەچم"». (ل. ٦٩). لە تێبینییەکدا کە لە 12ی تەموزی 1938 دا نووسیویەتی، فرۆید جیاوازیی نێوان ئەم دوو پرۆسەیەی

هاوشوناسبوون پوختدەکاتەوە: «هەبوون و بوون لای زارۆک. زارۆک زۆر حەزدەکات گوزارشت لە پەیوەندییەکانی ئوبێکت بەرێگەی هاوشوناسبوونەوە بکات: ئەز ئوبێکتم. "هەبوون" دواهەمین پەیوەندییە، کە دوای لەدەستدانی ئوبێکت سەرهەڵدەدات. نمونە: مەمک. مەمک بەشێکی منە، من مەمکم. تەنێ درەنگتر: من ئەمەم هەیە، کەواتە من ئەمە نیم...» (فرۆید، 1938).

پاشان فرۆید هەوڵدەدات باس لە پەیوەندیی نێوان پرۆسەی هاوشوناسبوون و گرێی ئۆدیپ بکات. ئەو دەگاتە ئەنجامێک، کە بە ڕەچاوکردنی جووتڕەگەزێتی دەروونیی، گرێی ئۆدیپ لە فۆرمە کامڵەکەی خۆیدا دوو لایەن (سرووشت)ی هەیە، ئەرێنی و نەرێنی. بۆ نمونە، هاوشوناسی کوڕ لەگەڵ باوکی خۆیدا دەبێتەهۆی پتەوکردنی سیفەتی نێرینەیی وی (و ئەمە گرێی ئۆدیپی ئەرێنی یان ڕاستەوخۆکەیەتی)؛ بەڵام هاوشوناسی مێینەیی کوڕەکە گرێی ئۆدیپی نەرێنی (یان پێچەوانە) دەخاتەڕوو. بۆ کچۆڵەش بە هەمان شێوەیە، گرێی ئۆدیپی ئەرێنی هاوتای هاوشوناسبوونە لەگەڵ دایکی خۆیدا و گرێی ئۆدیپی نەرێنییش هاوتای هاوشوناسبوونە لەگەڵ باوکی خۆیدا. کەواتە چ فاکتەرێک هاوشوناسبوونی کۆتایی زارۆک دیاریدەکات؟ لێرەدایە فرۆید تێبینی دەکات کە میکانیزمی مێلانخۆلیا ئەمە ڕووندناکاتەوە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی وی. بۆیە فرۆید دەستبەرداری هەر هەوڵ و ئایدیایەک بۆ ڕوونکردنەوەی سایکۆلۆجی دەبێت و فاکتەری دامەزراوەیی دەکات بە بنەما؛ بەم شێوەیە ئەم پرسیارە بێ بەرسڤ جێدەهێڵێت و ڕەگەزی دەروونشیکاری دەخاتە لاوە: «وا دیارە لە هەردوو ڕەگەزەکەدا، پلە ڕێژەییەکەی ئامادەگیی سێکسی بەرەو پێگەی نێرینە یان مێینە،

ئەنجامی حاڵەتی ئۆدیپ یەکلاییدەکاتەوە» (فرۆید، ٢٠٢١، ل. ٧٣). درەنگتر شوێنکەوتووانی فرۆید، بەتایبەتی ئێرنەست جۆنز و مێلانی کلاین، ئەم هاوشوناسبوونە لەگەڵ ڕکابەردا وەک فاکتەرێکی یەکلاییکەرەوەی هاوشوناسبوونی کۆتاداری تاکەکەس دەبینن.

هەر وەک فرۆید ڕوونیدەکاتەوە، ئیگۆ ئایدیاڵ یان سوپەرئیگۆی زارۆک تەنێ بەرهەمی هاوشوناسبوون لەگەڵ باوک یان «دایکوباوک»دا نییە (ل. ٧٠—٧١): بەڵکو هەروەها ئەنجامی هاوشوناسبوونە لەگەڵ قەدەغەکانی دایکوباوکدا، کە بەربەستن لەبەردەم بەدیهاتنی ئارەزووە ئۆدیپییەکاندا. بە واتایەکی دی، ئیگۆ ئایدیاڵ/سوپەرئیگۆ «دوولایەن»ـەیە لە پەیوەندیدا بە ئیگۆوە: لە لایەکەوە، هانی ئیگۆ دەدات: «تۆ پێویستە وەها بیت (وەک باوکت)»، بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ئەم قەدەغەیەش لەخۆدەگرێت: « تۆ نابێت وەها بیت (وەک باوکت)، واتە، نابێت هەموو ڕەفتارەکانی وی دووبارە بکەیتەوە، هەندێک شت تەنیا مافی ئەوە» (ل. ٧٥). فرۆید ئەم پرۆسە ئاڵۆزانە بەم شێوەیە پوختدەکاتەوە: «ئێمە وەختێک مناڵ بووین ئەم بوونەوەرە بڵندانەمان ناسیووە، پێیان سەرسام بووین و لێیان ترساوین، دواتریش ناوهاوێژمان کردن لەخۆماندا» (ل. ٧٨). بەم شێوەیە لەناوەوەی ئیگۆ بریکارێک جیادەبێتەوە، کە توندییەکەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازە: «تاوەکو گرێی ئۆدیپ بەهێزتر بێت <...>، زاڵبوونی سوپەرئیگۆ بەسەر ئیگۆوە توندتر دەبێت. ئەم زاڵبوونە لە فۆرمی ویژدان و هەستکردنی نەستەکی بە گوناهدا دەردەکەوێت» (ل. ٧٦). بەم شێوەیە، «ئیگۆ ئایدیاڵ میراتگری گرێی ئۆدیپە» (ل. ٧٨). لێرەدا دەمەوێت ئەوە زیادبکەم، فرۆید سێ زاراوەی بەکارهێناوە کە بەڕاشکاوی لەیەکتر

جیاینناکاتەوە (هەرچەند بۆ وی هاوجێگرەوە نین): ئیگۆی ئایدیاڵیی، ئیگۆ ئایدیاڵ [ئایدیاڵی ئیگۆ] و سوپەرئیگۆ.

هەستی ئاینیی، ویژدان و ئاکاری تاکەکەسی و هەستە کۆمەڵایەتییەکان لە بنەڕەتەوە لە هەبوونی ئەو ئیگۆ ئایدیاڵەوە سەرچاوەدەگرن کە زۆرترین داخوازی [و سرووشتی ئاکاری بەرز] بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێت. هەستی ئیمانداری لە پشتی هەموو ئایینێکدا وەستاوە: «کاتێک ئیگۆ خۆی بەراورد دەکات بە ئایدیاڵەکەی، ئەو حوکمەی وا بەسەر خۆیدا دەیسەپێنێت هەستی خۆبەکەمزانین و خاکەڕای دەخولّقێنێت، هەمان ئەو هەستەی وا ئیمانداران تاسەی خۆیانی لەسەر بنیاتدەنێن» (ل. ٧٩). سەبارەت بە ویژدان، فرۆید پێیوایە، ئەنجامی ناوەکیکردنەوەی ئەو فەرمان و قەدەغانەیە کە لە مامۆستاو فیگورە فەرمانڕەواکانی دیکەوە دەردەچن؛ ئەو گرژییەی لەنێوان داخوازییەکانی ویژدان و کردەوەکانی ئیگۆدا دێتەکایەوە، لە فۆرمی «هەستکردن بە گوناهـ»دا دەردەکەوێت. دواجار فرۆید دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە «هەستە کۆمەڵایەتییەکان پشتدەبەستن بە هاوشوناسبوون لەگەڵ کەسانی دی، لەسەر بنەما هەبوونی هەمان ئیگۆ ئایدیاڵ» (ل. ٧٩).

فرۆید ئەم بەشە بە توێژینەوە لە ڕیشە بەرابییەکانی ئیگۆ ئایدیاڵ و سوپەرئیگۆ کامڵ دەکات. ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گریمانەیەی لە پەرتووکی «تەوتەم و تابۆ»دا خستوویەتەڕوو، و ڕایدەگەیەنێت کە هەستە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی کوشتنی باوکی هۆزی سەرەتایی و ئەو سنوورداربیە ئاکارییانەن کە لەم ڕووداوەوە سەرچاوەدەگرن. ئینجا فرۆید پرسیارێک دەکات دەربارەی دیرۆکی پەیدابوونی

سوپەرئیگۆ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە. بە بۆچوونی وی، جێکەوتەکانی پەیدابوونی جۆر [ـی مرۆڤ]ی ئەزموونەکانی پێشینان نەک لەلایەن ئیگۆوە، بەڵکو لەلایەن «ئیدی بۆماوەیی»ەوە دەگوازرێنەوە: «بەم چەشنە ئید ــ خۆی شیاوی گواستنەوە و میراتکردنە ــ پاشماوەی ژیانی ئیگۆ بێشومارەکانی پێشوو دەپارێزێت. وەختێک ئیگۆ لە ئیدوە سوپەرئیگۆ پێکدەهێنێت، ڕەنگە ئەم کارە هیچ نەبێت جگە لە زیندووکردنەوە و بوژاندنەوەی وێنەی ئیگۆکانی پێشوو» (ل. ٨٢).

## • ئیگۆ و پێکدادانی نێوان پاڵنەرەکانی ژیان و مەرگ

چ باندۆرێک لەسەر ئیگۆی پاڵنەرەکان هەیە، بەتایبەتی پاڵنەرەکانی ژیان و پاڵنەرەکانی مەرگ کە فرۆید لە پەرتووکی «لەودیوی پرەنسیپی چێژەوە»دا شرۆڤەیان دەکات؟ فرۆید ئەو گریمانەیە دەخاتەڕوو کە ئەم دوو جۆرەی پاڵنەرەکان دەتوانن بە ڕێژەی جیاواز یەکبگرن و هەڵبوەشێنەوە (جیاببنەوە). بێگومان قورسە وێنای یەکگرتنێکی گونجاوی پاڵنەرەکان بکەین. هەرچەندە دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە پاڵنەری مەرگ لەلایەن زیندەوەر (ئۆرگانیزم)ـەوە دادەمرکێتەوە و بەشە وێرانکارییەکەی بەڕێگەی ئۆرگانێکی تایبەتەوە بەشێوەی شەڕەنگێزی بەرەو جیهانی دەرەکی ئاراستە دەبێت: «ڕەنگە ئەم ئۆرگانە دەزگای ماسولکەیی بێت، لێرەدا پاڵنەری مەرگ ــ ڕەنگە بەشێوەیەکی بەشەکی ــ دەبێت بە پاڵنەری وێرانکاری ڕووەو جیهانی دەرەکی و ئۆرگانیزمەکانی دی» (ل. ٨٧).

ئەگەر ئایدیای یەکگرتنی پاڵنەرەکانی ژیان و پاڵنەرەکانی مەرگ پەسەند بکەین، ئەوا دەبێت گریمانەی هەڵوەشاندنەوە (جیابوونەوە)ی تەواوەتی و بەشەکی نێوان ئەم دوو دەستە پاڵنەرەش پەسەند بکەین. لە نیورۆسە توندەکان و لادانەکاندا، بە بۆچوونی فرۆید، پاڵنەری مەرگ ڕۆڵێکی باڵادەست دەگێڕێت: «ئێمە دەزانین، زۆرجار پاڵنەری وێرانکاری دەچێتە خزمەتی ئیرۆسەوە بۆ مەبەستی خاڵیکردنەوە. پێمانوایە، پەرکەم بەرئەنجامی جیابوونەوەی پاڵنەرەکانە و بەڵگەشە بۆ ئەم جیابوونەوەیە» (ل. ٨٨). ئەو وایدادەنێت، گەڕانەوە لە قۆناغی زاوزێوە بۆ قۆناغی سادیست-کۆمی گرێدراوە بە جیابوونەوەی پاڵنەرەکانەوە، لێ بەپێچەوانەوە، پێشڤەچوون بەندە بە زاڵبوونی ڕەگەزی ئیرۆتیکیی پاڵنەری ژیان بەسەر پاڵنەری مەرگدا.

ئینجا پرسیارێک لەبەردەم فرۆیددا دێتەگۆڕێ: ئایا دەتوانین بیر لە ناکۆکی نێوان ئەم دوو دەستە پاڵنەرە بکەینەوە لە زاراوەکانی جەمسەربەندی ئەڤین و ڕقدا؟ ئێمە بەئاسانی دەتوانین ئەڤین (خۆشەویستی) بە نواندنەوەی ئیرۆس ئەژماربکەین و لە ڕق و پاڵنەری وێرانکاریشدا نواندنەوەی پاڵنەری مەرگ ببینین. بەڵام فرۆید گوماندەکات، بتوانین ئەم هاوتەرییە جێگیربکەین، چونکە تێبینی و پراکتیکی کلینیکی زۆرجار نیشانمان دەدات کە خۆشەویستی دەتوانێت بگۆڕێت بۆ ڕق، و ڕقیش بۆ خۆشەویستی. وەک لە پارانۆیادا، بۆ نمونە، کاتێک توندی پەیوەستی هاوڕەگەزخوازی بۆ کەسێکی دیاریکراو ئەو ئەنجامەی دەبێت «ئەو کەسەی ئۆبێکتی خۆشەویستییەکی بەهێز بوو دەگۆڕێت بۆ کەسێکی چەوسێنەر [شوێنکەوتوو]، لە دژی ئەویش زۆرجار شەڕەنگێزی

مەترسیداری نەخۆشەکە ئاراستە دەبێت» (ل. ٩٠ــ٩١). فرۆید لێرەدا بەهۆی پێشنەخستنی بابەتەکە، ئەم پرسیارە بەشێوەیەکی کاتی بە کراوەیی جێدەهێڵێت. لەجیاتی ئەوە پێشنیاری فاکتەری سرووشتێکی دیکە دەکات کە دووریدەخاتەوە لە پرسی وەرگەڕانی خۆشەویستی بۆ ڕق و بە پێچەوانەشەوە. فرۆید ئەو گریمانەیە دادەڕێژێت کە: «وزەیەک لەدەروونداهەیە، شیاوی جێگۆڕکێیە و خۆی لە خۆیدا بێلایەنە» (ل. ٩٣)، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆگای «لیبیدۆی نارسیستیی»، و ئیرۆسی لە سێکسی داماڵراو. بەڵام دوای پەسەنکردنی بڕیارێک لە دژی هەر وەرگەڕانێکی ڕاستەوخۆ لەنێوان خۆشەویستی ڕقدا، فرۆید لە بەشی دواتردا دوودڵبوونی خۆی ناشارێتەوە و ڕایدەگەیەنێت ئەم وەرگەڕانە لە ڕاستیدا شوێنێکی هەیە.

لەژێر ڕووناکی چەمکە تازەکەی خۆیدا بۆ بونیادی دەزگای دەروونی، فرۆید پێناسەیەکی نوێ بە هەردوو نارسیسیزمی یەکەم (سەرەتایی) و دووەم دەدات: «سەرەتا، هەموو لیبیدۆکە لە ئیددا کۆبووەتەوە، ئەو کاتەی ئیگۆ هێشتا لە قۆناغی پێکهاتن و شێوەگرتندا بوو، یاخود هێشتا هێزێکی ئەوتۆی نەبوو. دواتر، ئید بەشێک لەم لیبیدۆیە تەرخاندەکات بۆ خەرجکردن بۆ ئوبێکت [بارگەوزە-ئوبێکت]، بەڵام ئیگۆ ــ ئێستا، بەهێز بووە ــ دەیەوێت ئەم لیبیدۆیە بۆ خۆی ببات، تاوەک خۆی وەک ئوبێکتی عەشق بەسەر ئیددا بسەپێنێت. بەم جۆرە دەبینین خودئەڤینی [نارسیسیزم]ی ئیگۆ شتێکی لاوەکییە [نارسیسیزمی دووەمە] و لە ئاکامی کێشانەوەی لیبیدۆ لە ئوبێکتەکانەوە بەدەست هاتووە» (ل. ٩٥ــ٩٦).

- **کاردانەوەی نەرێنیی بەڕووی چارەسەردا و سوپەرئیگۆی میلانخۆلی ــ «کولتوری پەتی پاڵنەری مەرگ»**

پاشان فرۆید دەڕوانێتە پەیوەندیی نێوان ئیگۆ و ئید لە لایەکەوە و ئیگۆ و سوپەرئیگۆ لە لایەکی دیکەوە. ئەو ئیگۆ بە خزمەتکاری سێ دەستەڵات بەراوردەکات: سێ مەترسی هەڕەشە لە ئیگۆ دەکەن: یەکێیان لە جیهانی دەرەکییەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەویتریان لە لیبیدۆی ئیدەوە و سێیەم لە دڵڕەقی سوپەرئیگۆوە. بۆ نمونە، زۆرجار ڕووبەڕووی ئەو نەخۆشانە دەبینەوە کە بەشێوەیەکی پارادۆکسی کاردانەوە بەڕووی هەر چاکبوونەوە و پێشڤەچوونێک لە چارەسەری‌دا دەنوێنن: هەر چاکبوونەوەیەکی حاڵەتەکە لای وان دەبێتەهۆی خراپبوون، فرۆید ئەم دیاردە ناودەنێت «کاردانەوەی نەرێنیی بەڕووی چارەسەردا». بۆ ئەم نەخۆشانە ئەوەی لە هەموو شتێک گرنگترە ئارەزووی چاکبوونەوە لە نەخۆشییەکەی خۆیان نییە، بەڵکو پێویستی مانەوە بە نەخۆشبوونە، چونکە ئەوان بە نائاگایی هەست بە گوناهباری خۆیان دەکەن و بەم شێوەیە ناتوانن خۆسزادان وەک ئازار ڕەتبکەنەوە: «بەلای نەخۆشەکەوە ئەم هەستکردن بە گوناهە ناڕوونە، گوناهبارییەکەی دەرناخات؛ نەخۆشەکە هەستناکات گوناهبارە، بەڵکو تەنها هەستدەکات نەخۆشە» (ل. ١٠٢). لای بەشی زۆری نەخۆشە نیورۆسەکانیش هاوشێوەی کاردانەوەی نەرێنیی بەڕووی چارەسەردا بەرچاودەکەوێت، و هەستکردن بە گوناهـ لای وان نائاگایی [نەستەکیی]ـە، لێ هەستکردنی ئاسایی بە گوناهـ ئاگاییانەیە.

کەواتە چۆن سوپەرئیگۆ لە هەندێ شڵەژاندا، بۆ نمونە خەمۆکی مێلانخۆلی، ئەوەندە ڕەق و توندوتیژە؟ فرۆید ڕەگەزی وێرانکاری سوپەرئیگۆی میلانخۆلی دەخاتەپاڵ چالاکی پاڵنەری مەرگ: «ئەو شتەی ئێستا بەسەر سوپەرئیگۆدا زاڵە، دەتوانین بێژین، کولتورێکی پەتی پاڵنەری مەرگە، و لە ڕاستیدا زۆرجار ئەم پاڵنەرە سەرکەوتوودەبێت لە پاڵنانی ئیگۆ بەرەو مەرگ، ئەگەر ئیگۆ نەتوانێت لەکاتی پێویستدا خۆی لە ستەمکارەکەی بپارێزێت لەڕێگەێ گۆڕینەوە بۆ شەیدایی [مانیا]» (ل. ١٠٧). ئینجا فرۆید پرسیارێک دەکات دەربارەی هۆکاری ناوەندی کۆبوونەوەی پاڵنەرەکانی مەرگ لە سوپەرئیگۆی میلانخۆلیادا. ئەو پەیڕەو لە ئایدیای «جیابوونەوەی پاڵنەرەکان» دەکات کە ئەنجامی ئەو ڕاستییەیە، ڕەگەزی ئیرۆتیکیی هێزی پێویستی نییە تاکو تەواوی ئەو وێرانکارییە لەخۆبگرێت وا پێشتر پێیەوە بەسترابوو، بۆیە «ئەم بەشە لە فۆرمی شەڕەنگێزی و وێرانکاریدا دەردەپەڕێت» (ل. ١٠٩). سەرەنجام بەهۆی جیابوونەوەی پاڵنەری ژیان و پاڵنەری مەرگ سوپەرئیگۆی مرۆڤی خەمۆک هەموو توندوتیژی و ڕەقییەکەی خۆی ئاراستەی ئیگۆ دەکات.

ئەی چی ڕوودەدات لە حاڵەتی نیورۆسی وەسواسیدا؟ هەروەها لەم شڵەژانەشدا سوپەرئیگۆ ڕقی بێبەزەیی ئاراستەی ئیگۆ دەکات، لێ بە پێچەوانەی نەخۆشی خەمۆک [مێلانخۆلیک]، کەسی وەسواسی [نیورۆتیک] هەرگیز هەنگاونانێت بەرەو خۆ-وێرانکردن و پارێزگاری لە بەرگری دژی مەترسی خۆکوژی دەکات. بۆچی؟ بە بۆچوونی فرۆید، ئەمە گرێدراوە بەوەی کە لای [نیورۆتیک]ی وەسواسی خۆشەویستی گۆڕاوە بۆ ڕق: «... دەشێت بەڕێگەی

گەڕانەوەوە بۆ سیستەمی قۆناغی پێش-زاوزێ، ئەنگێزەی عەشق بگۆڕێت بۆ ئەنگێزەی شەڕەنگێزی دژی ئوبێکت» (ل. ١٠٧). لێرەدا ئەو دیسانەوە بۆچوونەکەی خۆی دووپاتدەکاتەوە دەربارەی «گۆڕانی ڕاستی عەشق بۆ ڕق» (ل. ١٠٨). ئەم جێگرکێیە دەرگا بەڕووی هەموو ئەگەرێکی جیاوازی نێوان خۆشەویستی و ڕقدا دەکاتەوە، ئەم جیاوازییە پێویستە بۆ ئەوەی لە پرۆسەی پێکەوەبەستن/هەڵوەشاندنەوەی ئەم کاریگەرییانە تێبگەین، کە هاوشێوەی پرۆسەکانی یەکگرتن/جیابوونەوە لە نێوان پاڵنەری ژیان و پاڵنەری مەرگـدا ڕوودەدات. بە بۆچوونی د. کینۆدۆز (1994)، ئاستەنگییەک کە فرۆید ڕووبەڕووی بووەتەوە، وادیارە گرێدراوە بەوەی، ئەو سەرکەوتوو نەبووە لە جێگیرکردنی جیاکردنەوەیەکی ڕوون لە ناقبەری تێکەڵبوون و پێکەوەبەستنی کاریگەرییەکان. بە دیتنی ئەم ژنە دەروونشیکارە، لە قۆناغی سەرەتایی گەشەی زارۆکـدا خۆشەویستی و ڕق دەتوانن ئاوێتەبن، و قورسیشە لەوە تێبگەین لەگەڵ کام لە واندا سەرکارمان هەیە؛ بەپێچەوانە، لە قۆناغێکی بەرزتری گەشەدا نەخۆش دەتوانێت هەستی خۆشەویستی لە هەستی ڕق بە هەمان ئوبێکتەوە جیابکاتەوە و دەتوانێت پێکەوەیان ببەستێتەوە: «لە ڕاستیدا، دەتوانین تەنێ ئەوە ببەستینەوە، کە پێشتر جیاکەرەوە بووە»[4].

پاشان فرۆید باسی تایبەتمەندییەکانی ئیگۆ و لایەنە بەهێز و لاوازەکانی دەکات. بەڕێگەی پەیوەندیی بە سیستەمی درکی جیهانی دەرەکییەوە ئیگۆ پرۆسە زەینییەکان ملکەچدەکات بۆ تاقیکردنەوەی

[4] Quinodoz D. (1994), Le vertige, enter angoisse et plaisir, Paris, PUF, p. 113.

واقیعی (reality-testing)، لێرەدا پرۆسەکانی بیرکردنەوە یارمەتی دەدەن و ڕێی پێ دەدەن خاڵیکردنەوەی جۆڵە دوابخات. هەموو ئەو ئەزموونانەی ژیان وا لە جیهانی دەرەکییەوە دێن، ئیگۆ دەوڵەمەندتر دەکەن، بەڵام هاوکات هەوڵدەدات دژی ئەو پاڵنەرانە بووەستێتەوە کە لە ئیدەوە دێن؛ ئەمەش ئەوە نیشانیدەدات کە دەروونشیکاری بە چ ڕێگەیەک دەگات بە ئەنجامە چارەسەرییەکان: «دەروونشیکاری، گوزارشتە لە ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی باڵادەستی ئیگۆ بەسەر ئیدەوە» (فرۆید، ٢٠٢١، ل. ١١١)

هەروەها چەمکی ئیگۆ ڕێ بە فرۆید دەدات بنەماکانی تیۆرییەکی تازەی دڵەڕاوکی دابنێت کە لە ساڵی (1926)دا لە پەرتووکی «پرینگانەوە، سیمپتۆم و دڵەڕاوکێ»دا گەشەی پێدەدات. بەڵام هەر لە ساڵی (1923)ەوە ئەو نە تەنێ فاکتەرە بایۆلۆژییەکان، بەڵکو فاکتەرە دەروونییەکانیش نیشاندەدەکات کە لەژێر دڵەڕاوکێدا ڕاکشاون، لێرەوە دڵەڕاوکێ (anxiety) وەکو دیاردەیەکی ئیگۆ ئەژماردەکرێت: «ئیگۆ نیشتمانی ڕاستەقینەی دڵەڕاوکێیە» (هەمان سەرچاوە، ل. ١١٣). بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییە لیبیدۆییەی کە لە ئیدەوە دێت، ترسی «تێکشکان یان لەناوچوون» بەسەر ئیگۆدا زاڵدەبێت و پرەنسیپی چێژ/ناخۆشی (ژان) لەو مەترسییە ئاگاداری دەکاتەوە کە هەڕەشەی لێ دەکات. کاتێکیش ڕووبەڕووی مەترسییەکی دیکە دەبێتەوە کە ترسە لە سوپەرئیگۆ، ئیگۆ کاردانەوە لەهەمبەر «ترس لە ویژدان» دەنوێنێت، ئەمەش زۆرجار فۆرمی ترسی خەسان وەردەگرێت. سەبارەت بە ترس (دڵەڕاوکێ)ی مەرگ، بە بڕوای فرۆید، هیچ واتایەکی بۆ دەروونشیکاری نییە: «چونکە مەرگ تێگەیەکی ئەبستراکتە و

ناوەڕۆکێکی نێگەتیڤی هەیە، ناکرێت هیچ هاوتایەکی نەستەکی هەبێت» (ل. ١١٤).

فرۆید لە ئەنجامی دەقەکەی خۆیدا ڕۆڵی سوپەرئیگۆ وەک پارێزەری ئیگۆ دەردەخات، بەتایبەتی، لە ڕێکخستنی ئەو پاڵنەرە لیبیدۆیی و شەڕەنگێزییانەی کە بە حاڵەتی ئۆدیپییەوە گرێدراون. هەر ئەم لەدەستدانەی کارکردی بەرگری سوپەرئیگۆ لای کەسی مێلانخۆلیک ڕێ بە فرۆید دەدات بگات بەو ئەنجامەی کە ــ دەتوانین بێژین ــ سوپەرئیگۆی ئاسایی ڕۆڵی پارێزەری ئیگۆ دەگێڕێت: «[لە حاڵەتی مێلانخۆلیادا] ئیگۆ خۆی لەدەستدەدات، چونکە هەستدەکات خۆشنەویستراو و چەوساوەیە لەلایەن سوپەرئیگۆوە، لەبری ئەوەی خۆشویستراو بێت. مانای ژیان لای ئیگۆ ئەوەیە خۆشویستراو بێت، خۆشویستراو لای سوپەرئیگۆ <...> سوپەرئیگۆ کارکردی پاراستن و سەلامەتی دەگرێتەئەستۆ، هەمان ئەو کارکردەی وا ڕۆژانی سەرەتا لەئەستۆی باوک و دواتریش لەئەستۆی چاودێریی ئیلاهی و چارەنووسدا بوو» (ل. ١١٥). لە لایەکی دیکەشەوە، کاتێک ئیگۆ ڕووبەڕووی مەترسییەکی واقیعی دەبێتەوە، وا هەستدەکات هەموو هێزە پارێزەرەکان دەستبەرداری بوون، بەمەش خۆی ڕادەستی مەرگ دەکات. ئەم هەستە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاییترین حاڵەتی دڵەڕاوکێ، لە ساتی لەدایکبوونەوە سەرهەڵدەدات و سەرچاوەی ئەو دڵەڕاوکێیەی منداڵییە کە گرێدراوە بە جیابوونەوە لە دایکی پارێزەرەوە. سەبارەت بە ئید (ئەو)، ئەم بریکارە لە پەیوەندیدا بە ئیگۆوە نە خۆشەویستی، نە ڕق دەرناخات، بەشێوەیەکی سەرەکی ئید لەژێر هەژموونی «پاڵنەری مەرگی کپ و بەهێزدایە» (ل. ١١٦) و لە پێکدادانێکی هەمیشەییدایە لەگەڵ ئیرۆسدا.

## پاش-فرۆیدییەکان

### ئاننا فرۆید: ئیگۆ و میکانیزمەکانی بەرگری (1936)

لە ساڵی (1936) دا ئاننا فرۆید درێژە بە کار و بۆچوونەکانی باوکی دەدات و پەرتووکە نوێخواز و گرنگەکەی «ئیگۆ و میکانیزمەکانی بەرگری» بڵاودەکاتەوە؛ تێیدا لێکۆڵینەوە لەو بەرگرییانە دەکات کە ئیگۆی تاکەکەس بە پاڵپشتی ئید، سوپەرئیگۆ و جیهانی دەرەکی گەشەیان پێدەدات. بە دیتنی ئاننا، ئیگۆ ڕووبەڕووی گەلەک پێکدادان دەبێتەوە کە مەیلیان لێیە بگەنە ئاگایی، بۆ نمونە ئەو پێکدادانانەی کە بەهۆی داخوازییەکانی پاڵنەرەکان و داواکارییەکانی سوپەرئیگۆ و هەروەها مەترسییەکانی جیهانی دەرەکییەوە چێدەبن. بە مەبەستی دوورکەوتنە لە سەرهەڵدانی دڵەڕاوکێ، ئیگۆ ژمارەکی زۆر میکانیزمی بەرگری فرەچەشن بەکاردەهێنێت. ئاننا فرۆید دەستەیەک لەو زاراوانە ناودەهێنێت کە لەلایەن فرۆیدەوە پێناسەکراون: چەپاندن، درووستبوونی کاردانەوە، دابڕان، ڕەتکردنەوەی ئەوەی پێشتر کراوە (وێرانکردنی پاشەوپاش)، دەرهاوێژی، ناوهاوێژی، هەڵگەڕانەوە دژ بە خۆی، وەرگەڕان بۆ پێچەوانەکەی خۆی و بڵندبوونەوە. هەروەها میکانیزمی تازە زیادەکات: هاوشوناسبوون لەگەڵ کەسی شەڕەنگێز و خاکەڕای خۆنەویست، ــ و ڕوونیدەکاتەوە کە ئەم لیستە بەردەوام کراوەیە. کارەکانی ئاننا فرۆید بوون بە خاڵی دەستپێکی ڕەوتێکی گرنگی

بیرکردنەوەی دەروونشیکاریی کە لە ڤێنا لە کۆتایی ساڵانی 1930 دا هاتەکایەوە و ئینجا لە بەریتانیا لەلایەن شوێنکەوتوانی ئاننا فرۆید و لە ئەمریکای باکور لەلایەن شوێنکەوتوانی هاینز هارتمان گەشەی پێدرا؛ هارتمان یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی ئەو بزاڤەی کە وەک ئیگۆ-سایکۆلۆجی (یان سایکۆلۆجی ئیگۆ) دەیناسین.

## هاینز هاتمان و ئیگۆ-سایکۆلۆجی (سایکۆلۆجی ئیگۆ)

لە ساڵی 1939 دا لەو بەرهەمەی لە ڤێنا بڵاویکردەوە بە ناونیشانی «سایکۆلۆجیای ئیگۆ و کێشەی ڕاهاتن»، هاتمان ئەو ئایدیایانە نیشاندەدات کە لە بنەڕەتی ئیگۆ-سایکۆلۆجیدا ڕاکشاون. هارتمان لە ساڵی 1941 دا کۆچیکرد بۆ ئەمریکا و پاشان چووە پاڵ چەند کۆچبەرێکی دیکە ئەورووپی کە لە نازیزم هەڵهاتبوون، بەتایبەتی ئێرنست کریس رودۆلف لێوینشتاین کە بەشداریان لە بۆچوونەکانی ئەویان دەکرد. لەو کاتەوە چەمکی ئیگۆ-سایکۆجی بەخێرایی بە هەموو لایەکدا بڵاوبووەوە، ئەم ڕەوتە دەروونشیکارییە تەنانەت شوێنی یەکەمی گرت لە باکوری ئەمریکا. لە ساڵی 1945 دا هارتمان لەگەڵ کریس و ئاننا فرۆید گۆڤاری « Psychoanalytic Study of Child» (لێکۆڵینەوەی دەروونشیکاریی لە زارۆک)یان دامەزراند.

هەرچەندە ئایدیاکانی هارتمان لەسەر چەمکەکانی ئیگۆ، سوپەرئیگۆ و ئید دامەزراون کە لەلایەن فرۆیدەوە لە 1923 دا داهێنراون، بەڵام ئەو گەشە بەو چەمکانە دەدات کە زۆرجار لە چەمکەکانی

فرۆید دووردەکەنەوە. بۆ هارتمان، ئیگۆ دوو کارکردی هەیە: یەکێیان پێکدێت لەوەی گەشە بە بەرگرییەکان لەهەمبەر پێکدادانەکان بدات، ئەویتریان، کە بۆ هارتمان زیاتر گرنگە ــ ئازادبوونە لە پێکدادانەکان: ئەم کارکردە ناودەنێت «ئیگۆی سەربەخۆ» (autonomous ego). ئیگۆی سەربەخۆ لە ساتی لەدایکبوونەوە هەیە و بەسەربەخۆیی بێ پشتبەستن بە ئید گەشەدەکات. بە بۆچوونی هارتمان، شڵەژان و کێشەکانی ڕەفتاری تاکەکەسەکان ئەنجامی بێتوانایی کەم تا زۆری ئەوانە بۆ خۆگونجان لەگەڵ هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ پشتبەستن بە پاڵنەرەکان. لێرەوە دەبینین کە کارکردی سەرەکیی ئیگۆی سەربەخۆ بریتییە لە «خۆگونجان» (adaptation) لەگەڵ جیهانی دەرەکی. سەبارەت بە لیبیدۆ، بە بۆچوونی هارتمان، ئەو بەتاڵکردنەوەی سێکسی پاڵنەرە شەڕەنگێزەکان بەڕێگەی پرۆسەی «دامرکاندنەوە»وە دەگرێتەئەستۆ، ئەمەش یەکێکە لەو پرۆسانەی کە هارتمان دەیانخاتەپاڵ ئیگۆ: چەندە ئیگۆ بەهێزتر بێت، ئەوەندەش توانای دەبێت وزە لیبیدۆییەکان «دامرکێنێتەوە» و بە پێچەوانەشەوە. لە ئاستی تەکنیکی‌دا، ڕێبازی ئیگۆ-سایکۆلۆجی پێش هەموو شتێک تیشک دەخاتە سەر شیکاری بەرهەڵستی و بەرگرییەکانی نەخۆش و هەروەها بەهێزکردنی ئیگۆ ــ بە زیانی شیکاری فەنتازیا نائاگاییەکان. لێرەدا ڕێبازەکەی هارتمان نزیکە لە ڕێبازە تەکنیکییەکەی ئاننا فرۆید و شوێنکەوتوانی. جگە لەمە، ئەم ڕەوتەی بیرکردنەوە لەسەر بنەمای کۆمەڵناسییەکی دەروونشیکارییانەی ڕاستەقینە دامەزراوە. لە ڕاستیدا، بۆ ئیگۆ-سایکۆلۆجی، کارکردی خۆگونجانی ئیگۆی سەربەخۆ لە پەیوەندی‌دا بە بواری

کۆمەڵایەتییەوە زۆر گرنگە و لە شوێنی یەکەمدایە. ئەم ئاراستەیە پێش هەموو کەسێک لەلایەن "ئێریک ئەریکسۆن"ەوە گەشەی پێدراوە لە پەرتووکەی خۆی «منالّی و جڤاک» (1950)دا، کە تێیدا ئەو گەشەکردنی ئیگۆی جڤاکی لە منالّییە هەتا کالبوون باسدەکات.

شتێکی سەیروسەرە نییە کە ڕێبازە تیۆریی و کلینیکییەکانی قوتابخانەی ئیگۆ-سایکۆلۆجی بوونەهۆی مشتومڕێکی گەرموگوڕ لە کۆمەڵەی نێودەوڵەتی دەروونشیکارییدا: ئەمە بووە سەدەمی قووڵبوونەوەی ناکۆکی بۆچوونەکان، بەتایبەتی لەگەڵ مێلانی کلاین لە بەریتانیا و ژاک لاکان لە فەرەنسا. بۆ کلاین، ئیگۆ و ئوبێکتەکان لە سەرەتای ژیانەوە هەن؛ بۆیە زۆربەی مشتومڕە زانستییەکان بەتایبەتی تیشکیان دەخستە سەر پرسەکانی گەشە و پێشڤەچوونی ئیگۆ، پەیوەندی نێوان ئیگۆ و ئوبێکتەکان و گرنگی فەنتازیای نائاگایی (نەستەکی). لاکان من [je] و من [moi] (ئەمە بەنزیکەیی هاوتایە لەگەڵ جیاکاری من و ئیگۆ) جیاکردەوە و قۆناغی ئاوێنەی گەشەی کرد بە بنەما، هاوکات من (je) دەکەوێتە پێشی چەمکی «سوبێکت» (subject) کە درەنگتر لاکان دایدەهێنێت. هەرچەندە لۆینشتاین ڕاڤەکاری وی بوو، بەڵام لاکان هەمیشە ڕەخنەی لە ئایدیاکانی ئیگۆ-سایکۆلۆجی دەگرت، بەتایبەتی لە تیۆری خۆگونجان. لاکان دووپاتیدەکردەوە کە ئایدیای ڕاهاتن تەنیا و تەنیا هەوڵێکی دەروونشیکارە ئەمریکییەکانە بۆ ناچارکردنی نەخۆشەکانی خۆیان بۆ ئەوەی هاوتای ئایدیاڵەکانی خۆیان بن. هەر وەک ئالێن دێ میژۆلا نووسی: «توانجەکەی لاکان لەوە جەرگبڕتر نابێت، ئەو کاتەی سەرکۆنەی لایەنگرانی ئیگۆ-سایکۆلۆجی دەکات؛

ئەرگومێنتەکەی خۆی لەسەر بونیادسازی بەڕێگەی زمانەوە دادەمزرێنێت، بۆ ئەوەی بەڕاشکاوی شوێنی ئیگۆ بگۆڕێت بۆ کایەی خەیاڵی» (Mijolla, 2002, p, 1024).[5]

## هاینز کۆهوت و سایکۆلۆجی خود (خود-سایکۆلۆجی)

لە کاردانەوە و بەرسڤی ئایدیاکانی هارتمان و قوتابخانەی سایکۆلۆجیای ئیگۆ، کۆهوت (1971) پێشنیاری تیۆرییەکی دەروونشیکاری کرد کە تیشک دەخاتە سەر چەمکی خود و شێوە گۆڕینەکانی. ئایدیای خود لە سالآنی 1950دا لەلایەن هارتمانەوە بەرهەمهێنرا کە دەیخواست هەردوو وشەی ئینگلیزی ئیگۆ «ego» و خود «self» جیابکاتەوە: لەسەر ئەم بنەمایە کۆهوت سایکۆلۆجی خود ــ قوتابخانەیەکی دەروونشیکاریی دامەزراند، ئەمەش بەخێرایی گەشەیکرد و بووە یەکێک لە بەناوبانگترین ڕەوتەکانی سەردەم لە ئەمریکا. کۆهوت ئارەزووی دەکرد کارەکەی فرۆید لە بواری چارەسەری دەروونشیکارییانەی حاڵەتە نارسیستییەکان تەواو بکات و پێشنیاری ڕێبازێکی تەکنیکی کرد کە لەسەر میتۆدی هاوسۆزی (empathy) دامەزراوە.

[5] Mijolla A. De (éd.) (2002), Dictionnaire de la psychanalyse, Paris, Calmann-Lévy.

## کرۆنۆلۆژیای چەمکەکان

ئید (ئەو) ــ ئیدی بۆماوەیی ــ فۆرمی کامڵی گرێی ئۆدیپ ــ تاقیکردنەوەی واقیع ــ ئیگۆ ئایدیاڵ ــ هاوشوناسبوون ــ هاوشوناسبوونی نارسیستیی ــ یەکگرتن ــ جیابوونەوەی پاڵنەرەکان ــ ئیگۆ (من) ــ ئیگۆی ئایدیاڵی ــ پاڵنەری مەرگ ــ پاڵنەری ژیان ــ کاردانەوەی نەرێنیی بەڕووی چارەسەردا ــ هەستکردنی نائاگایی بە گوناهـ ــ سوپەرئیگۆ (منی باڵا) ــ سوپەرئیگۆی کەسی میلانخۆلی (مالیخۆلیایی).

سەرچاوە (ڕووسی):

Киндо Ж.- М. Читая Фрейда: изучение трудов Фрейда в хронологической перспективе/ Пер. С фр. О. Я. Журавлева.–М.: «Когито-Центр», 2012.- с. 301 — 312.